## لاله ئەسکەندەری:

# سینەمای هەر میللەتێک ڕەنگدانەوەی کەلتوور و مێژووی ئەو میللەتەیە



لاله ئەسکەندەری لە بارەی سینەمای نەتەوەییەوە دەڵێت: «هەر میللەت و نەتەوەیەك سینەمای تایبەت بە خۆی هەیە، چونكە ڕەنگدانەوەی مێژوو و فەرهەنگ و كەلتووری ئەو نەتەوەیەن، تەنانەت ئەگەر فیلمەكانی هۆڵیۆدیش ببینین، هەست بەمە دەكەین، بەڵام زۆر جار جۆرێك لە هاوشێوە بوون، یان نزیكی لە نێوانی سینەمای چەند میللەتێكدا هەیە، ئەمەش بەهۆی جوگرافیا و نزیكبوونی كەلتوور و فەرهەنگی چەند میللەتێك لە یەكتری، بۆ نموونە: ڕەنگە سینەمای كوردی و ئێرانی تا ڕاددەیەك لە یەكترییەوە نزیك بن، چونكە ژیان و كۆمەڵگەكانمان زۆر لە یەكترییەوە نزیكن، تەنانەت لە جلوبەرگ و گۆرانی و سەما و قسەكردن و ڕەفتار و هەڵسوكەوت و شێوەی ژیانی ئێوە زۆر لە هی ئێمە نزیكە و شتێكی نامۆ نییە بۆ كەسێكی ئێرانی، ئەمەش وادەكات كە فیلم و دراما ئێرانییەكان لە كوردستان جەماوەرێكی زۆریان هەبێت، چونكە هیچ جیاوازییەكی ئەوتۆ لە نێوان ئەم دوو فەرهەنگە نابینێت و ئەوەی لێكیان نزیك دەكاتەوە، زۆر زیاترە لەوەی لێكیان جیا دەكاتەوە لە هەموو بوارەكانی ژیاندا. هەرچەندە من لە نزیكەوە زانیارییەكی زۆرم دەربارەی سینەمای كوردی و وردەكارییەكانی نییە و هیوادارم ئاشنایەتی زیاترم هەبێت دەربارەی سینەمای كوردی، بەڵام هەست دەكەم هێشتا گرنگیدان بە سینەما لە كوردستان وەك پێویست نییە و دەكرێ باشتر بێت.»

لاله جەخت لەوە دەكاتەوە كە سینەمای ئێرانی لە ساڵانی ڕابردوودا هەنگاو زۆری ناوە و زۆریش پێشكەوتووە لەسەر ئاستی ناوچەكە و جیهان و هاوكات دەڵێت: «بە حوكمی ئەوەی ئێستا فەرهەنگی سینەما لە پێشڤەچوونی زیاتر و بەردەوامدایە، دەبینین سینەمای ئێرانیش لە ساڵانی ڕابردوو نەك لەسەر ئاستی ناوچەكە، بەڵكو لەسەر ئاستی جیهان بەگشتی هەنگاوی زۆری هاوێشتووە،

**لالە ئەسکەندەری خوشکی خانمە ئەکتەری ئێرانی (ستارە ئەسکەندەری)یە، ساڵی ١٩٧٥ لە توربەت حەیدری لە دایکبووە و لە زانکۆی ئازادی ئیسلامی لە تاران لە بواری گرافیکیی خوێندووە. هەروەها فۆتۆگراف بووە و چەندین پیشانگای فۆتۆگرافی کردووەتەوە و لە تاران بۆ ماوەی ٨ ساڵ کاری مۆزاییکیشی کردووە. نزیکەی ٢١ ساڵە لە بواری فیلمدا کار دەکات و تا ئێستا بەشداری لە ٣٦ فیلم و زنجیرەی تەلەفزیۆنیدا کردووە، جگە لە سەرکەوتنی لە بواری نواندندا، یەکێکە لە شێوەکارە ناودارەکانی ئێران و تابلۆ و کارە هونەرییەکانی زۆربەی شەقامەکانی تارانی رازاندۆتەوە. بەهار و خۆشەویستی و جوانی سروشت ئەو بابەتە سەرەکییانەن کە لە تابلۆکانی ئەم شێوەکار و ئەکتەرە ئێرانییە بە روونی رەنگی داوەتەوە.**



ئەمەش بووەتە مایەی ئەوەی کە لەسەر ئاستی جیهان سوودی لێ ببیندرێت، زۆر لە سینەماکارە ئێرانییە ناودارەکان لە دەرەوەی ئێران کاریان کردووە و سەرکەوتنی بەرچاویشیان بەدەستهێناوە، بۆیە دەبینین فیلمەکانیان خەڵاتی سینەمایی بەرز بەدەست دەهێنن، هەروەها سینەماکارە ئێرانییەکان لە فیستیڤاڵە جیهانییەکاندا بوونیان بەرچاوە لە هەموو بوارەکاندا.»

دەربارەی ژیانی تایبەتی ئەکتەر و هونەرمەندان لالە دەڵێت: «هونەرمەند وەك هەرمرۆڤێکی ئاسایی ژیانی تایبەتی خۆی هەیە و رەنگە بە هۆی کارە هونەرییەکانی و کاریگەرییان لەسەر خەڵك، زیاتر خەڵك بیناسن و ئاشنای کارەکانی بن، بەڵام بە گشتی ئەویش مرۆڤە وەك هەموو مرۆڤێك ئاسایی دەژیت و یەکێك لە بابەتە گرنگەکانی ژیانی بریتییە لە پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی، بە ڕای من هیچ تەمەنێکی دیاریکراو نییە بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەرێتی و هەر کاتێك مرۆڤ هەستیکرد لە رووی هزری و دەروونی ئامادەیە بچێتە نێو ئەم ژیان نوێیە، پێویستە ئەو کاتە کەسێك هەڵبژێرێت بۆ ئەوەی بە یەکەوە ژیانێکی نوێ دەست پێبکەن و خێزانێك بونیاد بنێن، بۆیە من وای دەبینم ناکرێ تەمەنێکی دیاریکراو بۆ چوونە نێو ژیانی هاوسەرێتی بەسەر نەوەکان بسەپێنین، چونکە گەیشتنی هەر کەسێك بەو قۆناغە جیاوازە.»

لالە دەربارەی ژیانی هاوسەرێتی خۆی و چۆنیەتی راپەراندنی کاروباری ماڵەوە دەڵێت: «من هیچ کاتێك جەختم لەوە نەکردۆتەوە کە ژیانی هاوسەرێتی لەگەڵ کەسێك پێك بهێنم کە کارەکەمان بە یەکەوەمان ببەستێتەوە، چونکە پێموایە زۆر شتی گرنگتر هەیە کە پێویستە لەبەرچاو بگیرێت، لەوانە بوونی لێکتێگەیشتن، پێشتر من و هاوسەرەکەم ژیانی سەڵتیمان بینیوە، بۆیە هەردووکمان بە باشی دەزانین کارەکانی ماڵەوە ئەنجام بدەین، ئەمەش مانای ئەوە نییە کە من هەمیشە چێشت ئامادە بکەم، ئەویش کاری دیکە ئەنجام بدات، چونکە هەردووکمان هەموو کارەکانمان بە هاوبەش ئەنجام دەدەین، لێکتێگەیشتنێك لە نێوانماندا هەیە، ئەمەش وایکردووە کارەکانی ماڵەوە زۆر بە خیرایی ئەنجام بدەین و کاتمان بە فیڕۆ نەچێت.»

سەبارەت بە لێکچوونی و نزیکی سیناریۆی فیلمەکانیش دەڵێت: «پێشتریش باسمکرد نزیکیی جوگرافی نێوان میللەتان وا دەکات، زۆر شت هەبێت، لێکیان نزیك بکاتەوە، لە سینەماش بە هەمان شێوەیە، بۆ نموونە: کوردێك و ئێرانییەك خاڵی نزیکبوونەوەی نێوانیان زۆرە، بۆیە کاتێك کوردێك سەیری فیلمێکی ئێرانی بکات، لە زۆر رووەوە خۆی لەو فیلمەدا دەبینێتەوە، بەتایبەتی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەك بارودۆخی ئافرەت ئەگەر سەد لە سەدیش وەك یەك نەبن، دڵنیام لە زۆر رووەوە لە یەکتری نزیکن. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوە لە چارەسەرکردنی ئەو بابەتەش سوودی لێ ببینێت، ئەمە بۆ کەسێکی ئێرانیش بە هەمان شێوەیە، من وەك ئەکتەرێك پێموایە ئەگەر رەچاوی ئەو مەرجانە بکرێت کە لە هەردوولا لەسەر بەرهەمهێنانی سینەمایی و لێیان لانەدرێ وەك دەرنەچوون لە دابونەریت و یاسا پەیڕەو کراوەکان، بە هەردوولایان دەتوانن کاری زۆر جوان و بەرز بەرهەم بهێنن، لە ئێستادا بە هۆی نزیکبوون و لێکچوونی فەرهەنگی هەردوو لا، دەتوانرێت سیناریۆی جوان بنووسرێتەوە کە رەنگدانەوەی سینەمای کوردی و ئێرانی بێت و دەبێتە هۆکارێکیش بۆ سەرکەوتنی فیلمەکان، بەداخەوە من تا ئێستا ئاشنایەتییەکی زۆرم لەگەڵ سینەماکارانی کورد نییە، هیوادارم لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ کە فیلمی کوردی زیاتر ببینم بۆ ئەوەی خاڵە نزیك و لێکچووەکانی نێوان سینەمای هەردوو وڵات بزانم بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودیان لێ وەربگرین.»



# فیلمە هیندییەکان بقەکان باس دەکەن



بە درێژایی مێژووی سینەمای هیندی زۆربەی بابەتەکانی فیلمەکانیان کۆمەڵایەتی بوون بەتایبەتی کێشەکانی زۆرداری کاربەدەستان و گەندەڵی پۆلیس و زەوت کردنی زەوی و زاری هەژاران، زۆریش بە دەگمەن باسی بابەتی سێکس و ئایین دەکرێ و بە دوو مەسەلەی هەستیار دادەنرێن کە ئەکتەران زۆر ناوێرن لێیان نزیک ببنەوە لە ترسی کاردانەوەی توندی کۆمەڵگا بەرامبەریان. تا چەند ساڵێك بەر لە ئێستا باس کردنی ئەم دوو بابەتە وەك فڕێدانی بەردێك بووە بۆ نێو ئاوێکی مەنگ و پێشتریش چەند هەوڵێك دران بێ ئەوەی سەرکەوتووبن یان تەنانەت شایەنی باس کردنیش بن، بەڵام ئێستا دوو فیلم لە بۆکس ئۆفیسی سینەماکانی هیندستان لە کێبڕکێدان بۆ بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە و سەرکەوتن بەدەست بهێنن یەکەمیان(EK PAHELI LEELA)ە کە پاڵەوانەکەی کچە ئەکتەری وروژێنەری هیندی سانی لیۆنە و باس لە کچێکی هیندی جوان و سەرنجڕاکێش دەکات لە سەردەمەکانی پێشوو و چەند دیمەن و گرتەیەکی سێکسی لەخۆ دەگرێت، ئەوی دیکەشیان فیلمی ( دارام سانکت مین - DHARAM SANKAT MEIN)یە لە پاڵەوانیەتی نەسرەددین شاە فیلمی دارام سانکت مین بەشێوەیەکی گاڵتەئامێز باس لە ئایین دەکات و تێیدا پیاوێکی هندۆسی تووشی قەیرانی شوناس دەبێتەوە کاتێك منداڵێك تەبەننی دەکات، بەڵام دواتر بۆی دەردەکەوێت کە باوکی راستەقینەی منداڵەکە موسڵمانە ئینجا بە دوای باوکی دەگەڕێت بۆ دۆزینەوەی، رەخنەگران پێشبینی دەکەن فیلمەکەی سانی لیۆن سەرکەوتنی زیاتر بەدەست بهێنێت ئەمەش بەهۆی ناوبانگی ئەم کچە ئەکتەرە، چونکە جەماوەر دڵنیایە کە فیلمی سانی لیۆن هەمیشە سەرنجڕاکێشە.

# سولتانە میهرۆنیسا دەچێتە ئەفغانستان



ئەگەرچی لە میدیاکان هەمیشە ئەفغانستان بە وڵاتی جەنگ و نائارامی وەسف دەکرێت و زۆربەی دەوڵەتانیش هاووڵاتیانی خۆیان ئاگادار دەکەنەوەی لەوەی گەشت بۆ ئەم وڵاتە نەکەن، بە هۆی کێشە بەردەوامەکانی و نەبوونی ئەمن و ئاسایش لەو وڵاتە، بەڵام خانمە ئەکتەری تورکی بیراك تۆزۆنتاش بە نیازە سەردانی ئەم وڵاتە بکات بۆ وێنەگرتنی رۆڵی خۆی لە فیلمێکی نوێ کە بەشێکی زۆری دیمەنەکانی لەو وڵاتە وێنە دەگیرێن.

لەم بارەیەوە ماڵپەڕی (Acunn)ی تورکی رایگەیاند کە بیراك تۆزۆنتاشی ناسراو بە سولتانە میهرونیسا بە نیازە سەردانی ئەفغانستان بکات بۆ دەستپێکردنی وێنەگرتنی فیلمە نوێیەکەی، لەم فیلمەدا بیراك رۆڵی ئافرەتێکی گەنجی هۆزی کلش دەبینێت کە لە دارستانەکاندا دەژی لەگەڵ هۆزەکەی خۆی کە ناوچەکەیان دەکەوێتە ناوچەی نورستان و درێژ دەبێتەوە تا رۆژهەڵاتی کابول، بیراك خۆشحاڵی خۆی بە بەشداری کردن لەو فیلمە دەربڕی و بە یەکێك لە کارە هونەرییە گرنگەکانی کاروانی هونەریی خۆی وەسف کرد، بەڵام زانیاری زیاتری دەبارەی کارەکە نەدرکاند و بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: حەز دەکەم وردەکارییەکانی کارەکە بە نهێنی بمێنێتەوە تا ئەو کاتەی فیلمەکە نمایش دەکرێ، چونکە چەند سوپرایزێکیشی تێدایە حەز دەکەم پێش ئەوەی باسی بکەم جەماوەر بۆ خۆی بیبینێت.



# سومەیا خەون بە دایکایەتییەوە دەبینێت

بەم دواییە بەبۆنەی جەژنی دایکەوە لە فیستیڤاڵێکی تایبەت کە بەم بۆنەیەوە ساز کرابوو و ژمارەیەک گۆرانیبێژ و ئەستێرەی سینەمایی عەرەبی خەڵات، سومەیا خەشاب یەکێک بوو لە ئەکتەر و گۆرانیبێژە خەڵات کراوەکان وەک رێزگرتنێک لە کاروانی هونەری ئەم خانمە ئەکتەرە و ئەو رۆڵانەی پێشکەشی کردوون خەڵاتی خانمە سوارچاکی درامای عەرەبی پێ بەخشرا.

لە لێدوانێکیدا دوای خەڵات کردنی سومەیان خۆشحاڵی خۆی بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەربڕی و بە یەکێک لە خەڵاتە گەورەکانی ژیانی هونەری خۆی وەسف کرد، لەم بارەیەوە سومەیا بە رۆژنامەنووسانی راگەیاند: رێزگرتن و خەڵات کردنم لەو رۆژە و بەم بۆنە پیرۆزە زۆر دڵخۆشی کردم، ئەم نازناوە ئەرکی من قورستر دەکات و هانم دەدات بۆ ئەوەی زیاتر خۆم ماندوو بکەم بۆ رازی کردنی دڵی جەماوەر، راستە من تا ئێستا وەک دایک نەژیاوم و لە ژیانی خۆمدا ئەو هەستەم بە شێوەیەکی راستەقینە نەبینیوە، بەڵام لێتان ناشارمەوە دایکایەتی ئەو هەستەیە کە هەمیشە خەونی پێوە دەبینم و لە دڵەوە حەز دەکەم ببم بە دایک، بۆیە حەز دەکەم لە کاتێکی زوودا ژیانی هاوسەری پێک بهێنم لەگەڵ کەسێک کە خۆشم دەوێ بۆ ئەوەی خەونی دایکایەتیم بێتە دی، چونکە دڵنیام دایکایەتی ژیان خۆشتر دەکات بۆ هەموو ئافرەتێک و پەروەردە کردنی منداڵ وا دەکات کە بە دیدێکی جیاوازتر و پڕ بە هیوای سەیری دنیا بکەم.

## یوسف عەبدولڕەحمان:

# شانۆی منداڵان بناغەیەکی پتەوە بۆ زیندووکردنەوەی شانۆ

**هونەرمەند و مامۆستای کۆلێژی هونەرە جوانەکان یوسف عەبدولڕەحمان چەند ساڵێکە بە هونەری نواندنەوە سەرقاڵە لە دراما و شانۆ و شانۆی منداڵان، بەڵام ئەو لایەنەی ئێستا زیاتر گرنگی پێدەدات شانۆی منداڵانە کە تا ئێستا لە کوردستان وەکو پێویست ئاوڕی لێ نەدراوەتە سەرەڕای ئەوەی زۆر گرنگە و دەبێتە بناغەیەك بۆ سەرلەنوێ دروستکردنەوەی بینەری شانۆ لە کوردستان کە ئێستا زۆر پێویستە و یەکێکە لە هۆکارە سەرەکییەکانی زیاتر بووژانەوەی شانۆ، لەم دیمانەیەدا هونەرمەند یوسف عەبدولڕەحمان چەند لایەنێکی گرنگی شانۆی منداڵان بە خوێنەرانی گوڵان ئاشنا دەکات لە ڕێگەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەمان کردووە.**



**• ئەگەر لە پێناسـەی شانۆی منداڵانمانەوە دەست پێبکەین، چیمان پێ دەڵێیت؟**

- شـانۆی منداڵ جیهانێکی تایبەت و بێگـەردە، وەکو کاغەزێکی سـپی، یان شووشـە وایە، هیچ شـتێکی پیس و نامۆ قبووڵ ناکات، بۆیە دەبـێ لەگەڵ ئەم جیهانەدا کە جیهانـی بێگەردی منداڵە زۆر راستگۆیانە مامەڵە بکرێت.

**• ئەی سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی شانۆی منداڵان؟**

- شانۆی منداڵان جیاوازی زۆرە لەگەڵ شانۆی گەورەکان و لەوانەیە بـە دیمانەیەکـی وا نەتوانین بە تەواوی باس لە بنەماکانی شـانۆی منـداڵ بکەین، بـەڵام دەتوانم هەندێك لە خاڵە سـەرەکییەکانی بڵێم، سـەرەتا دەبێ بزانین تەمەنی منداڵ کەی دەسـت پێدەکات، دەتوانین بڵێین لە تەمەنی ٣ساڵی دەست پێدەکات تاکو ١٥-١٨ ساڵی و بەسەر چوارقۆناغ دابەش دەکرێت ئەوانیش: باخچەی سـاوایان و سـەرەتایی، دواتر قۆناغی ناوەندی تاکو ١٨ سـاڵی کە قۆناغی کۆتاییە، شانۆی منـداڵان چەند بنەمایەکی گرنگی هەیە لەوانە دەبێ شـادی بەخش بێت و بە زمانێکی سـادە و سـاکار قسەی پێ بکرێ، بیرۆکەی سادە بێت بۆ ئەوەی منداڵان بە ئاسـانی تێبگەن، سەماو گۆرانی تێدابێت، پەروەردەیی بێت بۆمنداڵ، رەنگ یەکێکە لە بنەما سـەرەکییەکان نابێ فەرامۆش بکرێت، لە شـانۆی منداڵان بە هیچ شێوەیەك نابێ قسەی ناشـیرین بەکاربهێندرێت، دوورکەوتنەوە بە هەموو شێوەیەك لە جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی و رەگەزپەرستی، نابێت شانۆی منداڵان توندوتیژی وکوشتن و بڕینی تێدابێت، هەروەها نابێ فێڵ لە چاوی منداڵ بکرێت بە نیشاندانی دیمەنی زۆر خەیاڵاوی، ئەمانە بەشێکن لە بنەما گرنگ و سەرەکییەکانی شانۆی منداڵان.

**• مەرجە شانۆی منداڵان مەنەلۆجی تێدا بێت؟**

- بەڵێ زۆر گرنگە بەڵکو خاڵێکی سـەرەکییە کە شـانۆی منداڵان گۆرانیی تێدا بێت، چونکە کاتێك منداڵ دێتە نێو هۆڵی شـانۆ هەست دەکات چۆتە ناو هۆڵێك کە پڕە لە شـادی و خۆشی، بۆیە زەڕوورە ئەو کەشە خۆشی بە منداڵ ببەخشێت لە کاتی نمایشی شانۆیی تاکو زیاتر چێژ لە شانۆکە وەربگرێت و سەرنجی زیاتر بۆ ناو بابەتەکە رابکێشێت، وا باشـتر بەر لەدەست پێکردنی نمایشـەکە بە گۆرانییەك دەست پێ بکات، ئەگەر لەناوەڕاست و کۆتاییش هەبێت زۆر باشترە.

**• ئایا بەڕێوەبەرایەتیی شـانۆ وەکو پێویسـت ئاوڕی لە شـانۆی منداڵدان داوەتەوە؟**

-ئەگەر بمانەوێت راستگۆیانە قسە بکەین، دەبێ بڵێین نەخێر، راستە چەند سـاڵێك بەر لە ئێستا فیستیڤاڵی تایبەت بە شانۆی منداڵانیان کردەوە، ئەویش تەنیا لەناو شـاری هەولێر ئەوەش جێگای دەستخۆشی بوو، بەڵام دەتوانم بڵێم شـانۆی منداڵ بەتەواوی پشتگوێ خراوە هیچ کەسێك گرنگی بەم لایەنە نادات. ئەگەر سەیری شاری هەولێر بکەین، بەڕێوبەرایەتیی هونەری منداڵ هەیە، بەڵام ئەوەی تێبینیم کردبێت تاکو ئێسـتا گرنگییەکی ئەوتۆی وەکو پێویست بەهونەری شانۆی منداڵ نەداوە تەنانەت شـانۆکارەکانیش نازانن ئەم بەڕێوبەرایەتییەکە لە کوێیە، جا دەبێ شانۆ حاڵی چۆن بێت لەم شارە، بەڵام ئێوە دەتوانن ئەم پرسیارە ئاڕاستەی بەڕێزیان بکەن.

**• هیـچ خاڵێکی هاوبـەش لە نێوان هونەری شـانۆی منداڵان لە کوردستان و وڵاتانی دیکە هەیە؟**

- ئەگەر ئاوڕێك لە وڵاتە پێشـکەوتووەکان بدەینەوە ئەو کات دەزانین ئەوان چ گرنگییەك بە شـانۆی منـداڵان دەدەن لە هەموو روویەکەوە، بۆ نموونە هۆڵی تایبەت بە شـانۆی منداڵان هەیە کە تەنیا شـانۆی منداڵانی تێدا نمایش دەکرێ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەسـتە کە شـانۆی منداڵان بە کارێکی زۆر گرنگ و پێویست دەزانن لە هەمان کاتـدا گرنگییەکی زۆر بە منداڵەکانیان دەدەن، چونکە نەوەی دواڕۆژ و بناغەی بونیادنانی وڵاتن، لەو سونگەیەی کە رۆشنبیرکردنی منداڵ دەبێتە هۆی رۆشـنبیرکردنی نەوەی داهاتوویـان، بۆیە دەڵێم هەرچەند گرنگـی بە منداڵ بدرێـت بە لایەنی پەروەردەیـی منداڵ و هەوڵی رۆشنبیر کردنی و گەشەی فکری و بیر کردنەوە و هەست و نەستەکانی بدرێت بە رێگەی شـانۆ هەر کەمە، شانۆ باشترین رێگەیە بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی راست و درووست بە منداڵ ببەخشرێت و فێری ئەو شتانە بێـت کە لە لای ئـەو نهێنی و نامۆن، بۆیە نابێ بە هیچ شـێوەیەك شانۆی منداڵان پشتگوێ بخرێت.

**• فیسـتیڤاڵێکی تایبەت بە شانۆی منداڵان تا چەند پێویستە و چ سوودێکی دەبێت؟**

- ئەمە پرسـیارێکی گرنگە و لە وەڵامیدا دەڵێم: چۆن شیر گرنگ و پێویسـتە بۆ منداڵ، سـاز کردنی فیستیڤاڵی شـانۆیی تایبەت بە منداڵانیش ئەوەندە گرنگە، بەتایبەتی ئەگەر ئەم فیستیڤاڵە نێودەوڵەتی بێت، چونکە دەبێتە هۆی ئاشـنا بوونی منداڵانی کورد بە منداڵانی جیهـان و کەلتووریـان، هەروەها لە نزیکەوە هێـز و توانای منداڵانی دنیـا دەبینن، دواتر بەراوردێك لە نێوان هێـز و تواناکانیان دەکەن، ئەوا ئێمە و منداڵانی کورد هەست دەکەین کە منداڵەکانمان چەند بێبەشـن لە گرنگـی پێدانێکی درووسـت و پێویست، چونکە منداڵانی ئێمەش هیچیان کەمتر نییە لە منداڵانی دنیا بەمەرجێك دەسـەڵات گرنگیان پێبدات، چونکە هەرکە فیستیڤاڵ کراوە هەر وڵاتێك کۆمەڵێـك کتێـب و نامیلکەی تایبەت بـە مێژوو و کەلتووری خۆی نمایش دەکات بۆ ئەوەی بەشـداربووان پێی ئاشـنا بن، ئەمەش بۆ ئێمە وەکو کورد زۆر گرنگە، چونکە ئەو شـتانەی منداڵ لە تەمەنێکی زوودا پێیان ئاشـنا دەبێت تا کۆتایی ژیانی لە یادیان نـاکات، هەر لەو تەمەنە زووەدا ئاشـنای کورد دەبن کە بۆ پاشەڕۆژیش کاریگەریـی بەسـەریانەوە دەبێت، بۆیـە گرنگیدان بە شـانۆی منداڵان دەبێتە بناغەیەکی پتەو بۆ سەر لەنوێ بونیادنانەوەی شانۆ و درووستکردنی بینەری شانۆ، چونکە خۆشەویسـتی ئەم منداڵانە بۆ شـانۆ بەپێی قۆناغەکانی تەمەنیان بەردەوام دەبێت و دەمێنێتەوە.



**• وەکـو هونەرمەندێکی بواری شـانۆی منداڵان دوایین کاروچالاکییەکانت چی بوون؟**

- بە ناوی کوردستان بەشداریم کرد لە فیستیڤاڵی شانۆی منداڵان لە شاری کەربەلا و توانیم خەڵاتی باشترین دەرهێنەر بەدەسـت بهێنم، هەروەها کچە شـانۆکاری کورد (شادی محەمەد) باشـترین خەڵاتی ئەکتەری کچی بەدەستهێنا، هـەر بە بۆنـەی یادەکانی ئادار و نـەورۆز لەگەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە بواری شـانۆی منداڵان لەوانە (مام عـەولا نەوزاد و ئاراس و ئەحمەد) لە فیسـتیڤاڵی (ئێمە هەموومان پێشـمەرگەین) چەند نمایشێکی شانۆیی تایبەت بە منداڵانمان پێشـکەش کرد، بە هەمان شێوە لە نەخۆشخانەی نانەکەلی نمایشـێکی شانۆیی تایبەتمان پێشـکەش بە منداڵانی نەخۆشخانەکە کرد، ئەمەش کارێکی مرۆییانە و خۆبەخشانە بوو.